ئەو ڕۆشنبیرەی لەناو ئازاری ژناندا توشی پەستاوی خوێنی بیرکردنەوەو داهێنان نەبێت و جەنگێکی مەعریفیی ڕاستەقینە لەبەرامبەر ئایینی ئیسلام نەکات لای من ڕِۆشنبیرو ئازادیخواز نییە ئیتر خودای دەکرد چوارده برِوانامەی دکتۆرای دەبوو، بیست و پێنج زمانی دەزانی و حەفتاو نۆ کتێبی چاپکردبوون.

مەریوان هەڵەبجەیی



چاوپێکەوتنی : ئیبراهیم عەباس

ئیبراهیم عەباس: بالەکتێبەکەتەوە (سێکس و شەرع و ژن لەمێژووی ئیسلامدا) دەست پێبکەین، کەدەتزانی جورئەتی دژەبەرایەتیت بۆ ئیسلام، باجی قورسی بەدوادا دێت, لەبەر چی ئەم کتێبەت نووسی؟

مەریوان هەڵەبجەیی: ڕِۆژ نییە لەناو کوردستاندا ژنان نەکوژرێن. ڕِەنگە کوشتن یەکێك بێت لەئەهوەنترین ئەنجامەکانی چارەنوسی ژنان. هەر بۆ نموونە گەر لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆلۆژی بۆ نەخۆشییە دەروونییەکانی ژنان بکەین دەردەکەوێت لەسەدا شەست و پێنجی ئافرەتانی کورد بەتیرۆرکردنێکی سەرەتاییانە (خەتەنەکردن) لاشیپانیان تیرۆر کراوە. بەپێی ڕِاپۆرتەکان تەنها لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2008دا 56 ژن کوژراون و 150 ژنیش سوتاون, باشتر بڵێین سوتێنراون. هەولێر بەپلەی یەکەم و سلێمانی دووهەم و دهۆك سێهەم. باسی زیندانیکردن و مەسەلەی ناموسپەرستی بخەرەلاوە کەنابێت پشتگوێ بخرێن.! ژن بووە بەشەرەفی پیاوو هێمایەك بۆ دین, جابۆئەوەی جانەوەرەکان ئەم شەرەف و دینە بپارێزرێن پێویستیان بەگوێبیستی قرخەقرخی سەربرِینی ژنانە, دەبێت گوێبیستی کرِوزانەوەی هاوارو پەیامی شاراوەی ژێر چەپۆکی یاسای باوك و براو کەسوکاریان بن. ئایا لەپێناو ئەم کارەساتە جەرگبرِانەدا کتێب نوسین پێویست نییە.؟

ئیبراهیم عەباس: لەکوردستان و لەرِۆژهەڵات بەگشتی نووسەرە پیاوەکان بەرگری لەژن دەکەن و دژ بە دین دەنوسن، کتێبەکەی ئێوەش هەر بەم جۆرەیە، ئایا ئەمە بۆ؟ ئایا دین بەرپرسیارە؟

مەریوان هەڵبجەیی: کێ بەرپرسیارە لەژن کوشتن.؟ عەلمانییەت یان ئایین.؟ یاساکانی دیموکراتی یان ئایینی.؟ پەرەگرافەکانی نیتچەو هیگڵ یان فتواکانی کلتوری بیابان.؟ فەلسەفە یان خورافە.؟؟ دەسەڵاتە ئەوروپییەکان یان خۆماڵییەکان.؟ لەچ زەمان و مەکانێکدا ڕِێژەی ژن ئەتککردن زۆرترە.؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارانەدا ڕِووندەبێتەوە کەئایین لەپشت ئەم جەنگەڵستانەوەیە. کەواتە دەبێت ڕِووبەڕِووی ئایین ببینەوە. ڕِەخنە بگرین و جەنگێکی ڕِاستەقینەیان بکەین. گرنگ نییە قوربانییەکان کێن, پیاوانن, ژنانن, لەکوێوە دەستیان پێکردووەو تا کوێ دەچن، گرنگ نین, بەڵام ئەوە گرنگە کەئیتر ئەو ڕِۆچوونی خوێنە بوەستێنین، من نامەوێت بزانم کەی دەمرم و چۆن دەمرم، بەڵام ئەوەم زۆر بەلاوە گرنگە کەتاوانەکانی ئایین بەخەڵکی بناسێنم .

پرسیار: لەلایەن یەکێتی زانایانەوە وەڵامی کتێبەکەت دراوەتەوەو هەموو نوسینەکەتیان بە هەڵە لەقەڵەم داوە!!.

مەریوان هەڵبجەیی: کوا.؟؟ کەی.؟؟ کێ نوسیوێتی.؟؟ نەک کتێبەک بەڵکو نامیلکەو تەنانەت یەک لاپەڕەشەم نەدیوە کە لەلایەن یەکێتیی زانایانەوە نوسرابێت. لەلایەن هیچ لایەنێکی ڕەسمیشەوە ئەو کارە نەکراوە. هەندێک شت و قسە وتراوە زیاتر لەکاری بازاڕی دەچن نەک ڕەخنەو خوێندنەوەی کتێب. بەپێچەوانەوە داوامکردووە یەکێتی زانایانی ئیسلام وەك

لایەنێکی ڕەسمی ڕووبەڕووم ببنەوە. بەڵام ترسنۆك دەرچوون، جورئەتیان نەبوو بەرامبەر نوسین و ڕەخنە مەعریفیە هاوچەرخەکان وەڵام بدەنەوە, ناتوانن ئەم کارە بکەن چونکە لەهەگبەکەیاندا وەڵامی ڕەخنەی زانستی تێدا نییە .

ئیبراهیم عەباس: ئەگەرچی خۆت وتت کێبەکەت بۆ بەرگری لەئافرەت نووسیووە، بەڵام هەموو ئەوانەی ڕەخنەیان لێگرتووی هاوهەڵوێستن کە سوکایەتیت بەئیسلام کردووە نەك بەرگریکردن لەژنان، وەڵامی تۆ بۆ ئەمە چییە؟

مەریوان هەڵەبجەیی: ئەم مەسەلەیە زۆری لەسەر وتراوە، کێشەم نییە ناحەزان چۆن بابەتەکەم هەڵدەسەنگێنن. چی دەڵێن با بیڵێن. ئێمە تائێستاش لەکۆمەڵێك پێناسە تێنەگەیشتووین. بەهەندێك نوسین دەگوترێت (سوکایەتی کردووە) یان (زمانی زبر)ە، یان (بازاڕییە)، یان (ئەکادیمی نییە). لەڕاستیدا جەمسەرەکانی ئەمسەرو ئەوسەری ئەم چەمکانە نازانم چۆنن و شێوازەکانی لای کورد چۆنەو چۆن دەستنیشانی پێگەکانیان کردووە. لەڕوانگەی منەوە نابێت لەنێوان زمانی نوسین و زمانی دەربڕیندا جیاوازی زۆر هەبێت. بیرمە لەهەشتاکاندا ڕۆمانە بەناوبانگەکەی عەبدولڕەحمان مونیف (الشرق المتوسط)یان بڵاوکردەوە، کەخوێنمەوە مایەی سەرسوڕمان بوو کەئەو وشە سادەو ساکارانەی لەو ڕۆمانەدا نوسرابوون ئەوەندە جوان بەکارهاتبوون مانای زۆریان دەپێکاو خوێنەریان پەلکێشی ماناو خوێندنەوەی زیاتر دەکرد، وامزانی هەر لەبنەمادا کورد نوسیوێتی. پیرەمێردو زەریاکەی هەمەنگوایش کتێبێکی بەنرخ بوو، خەڵاتی نۆبڵیشی وەرگرت، بەڵام جگە لەوەی تێگەیشتم کەشاکارێکی جیهانیم خوێندووەتەوەو لەودیو نوسەرێکی مەزنەوە وەستاوم، لەزەتم لەخوێندنەوەی نەبینی. من حەز لەنوسینی ناو نوسین و زاراوە ریزکردن و پەخشان و تەخشانی وشە ناکەم، حەز لەماناو ئەنجام دەکەم. لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا گرنگ نییە چی دەنوسیت, گرنگ ئەوەیە چۆن دەینوسیت. من نوسینێکم ناوێت توانای نوسەرەکەم نیشان بدات, دەمەوێت مەرگەساتە حەقیقیەکانی کۆمەڵگاکەمی تێدا ببینم. کەواتە نامەوێت تەقلیدی بم.

ئیبراهیم عەباس: ئایا ئەمە بەم واتایەیە کە تەقلیدت لەنووسینی ئەم کتێبەتدا بەکارنەهێناوەو ڕێچکەیەکی تازەت داهێناوە؟

مەریوان هەڵەبجەیی: مەبەستیشم ئەوە نییە ئاستی نوسینەکانی من وابێت لەوانەی ئەوان باشتر بن ئینجا دەنوسم، دەمەوێت ئەوانەی من نەنوسرابن یاخود کەم کەس خۆیان لەقەرەی دابێت و چوبێتنە جەنگە حەقیقییەکانەوە. ڕەنگە فلانە نوسەری ناوداری کورد زۆر باشترو جوانتر لەمن بابەت دابڕێژێت و لەپێگەکانی خۆیدا باشترین شێوازی نوسین بەکار بهێنێت، بەڵام ئەو قەڵەمە وەك من بیرناکاتەوە. کێشەی سەرەکیش لێرەوە دەستپێدەکات کەئەو وەك من ئامادە نییە چەمك و ڕەهەندەکان بەشێوەیەك بنوسێت کەسوودێکی ڕاستەوخۆ بگەیەنێت. نوسەر سەربەرستە چۆن بەرهەمەکەی دەنوسێت، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرێت کەخواست و داخوازیەکانی کۆمەڵگا تەنها ئەوانە نین کەتوێژی ڕۆشنفکران درکی پێ دەکەن. بەشی هەرەزۆری چینوتوێژەکانی کۆمەڵگە بێئاگان لەو هیواو ئامانجانەی نوخبەی ڕۆشنبیران و ڕێکخراوەکان کاریان بۆ دەکەن. دەیانەوێت نوخبەکان لێیان تێبگەن. سەرمایانە و دەیانەوێت بزانن ئەمرۆ پارێزگاری شارەکە چی دەربارەی دابەشکردنی نەوت گوتووە، کۆمەڵگاکەمان لەباروڕۆخێکدا دەژی هەواڵی بەرمیلێك نەوت ناگۆڕنەوە بە سەد بەرمیل لەفەلسەفەکانی سوکرات. برسیانە، ئاگایان لەنرخی ئاردە نەك کتێب. جوانترین قەسیدەی نەخوێندراوە لەپێناوی فرۆشتنی مشتێك پاقلەدا لوول دەکەن. لای من نوسین بەزمانی کۆمەڵگا توانای ڕاستەقینەی نوسەر نیشان دەدات. کەواتە شوێنی حەقیقی نوسەران لەئێستادا چەقی کۆمەڵگاکەیە، ژیانە لەناو ژیانیاندا، تەفسیرکردنی خەونەکانیانە. ئەوەی خۆی لەم خیتابە نەدات، ئەو ڕۆشنبیرەی لەناو ئازاری ژناندا توشی پەستاوی خوێنی بیرکردنەوەو داهێنان نەبێت و جەنگێکی مەعریفیی ڕاستەقینە لەبەرامبەر ئایینی ئیسلام نەکات لای من ڕۆشنبیرو ئازادیخواز نییە ئیتر خودای دەکرد چواردە بڕوانامەی دکتۆرای دەبوو، بیست و پێنج زمانی دەزانی و حەفتاو نۆ کتێبی چاپکردبوون.

دەمەوێت ئەوەی نوسەر هەستی پێدەکات و خوازیاری نوسینێتی، بێ سڵەمینەوە بینوسێت و بەسادەترین شێوە بشگاتە کۆمەڵگە. من لەمەدا توندم, کاتێك کەلووتی ژنێك دەبڕن، مەبەستمە پەرەگرافی نوسینەکانم لووتی دوو مەلا لەمێخ هەڵکێشن، دوو مەلا بەیەك ژن. کاتێک کەژنێک بەردباران دەکەن مەبەستمە دوو مزگەوت بڕوخێنم. بێزارترین دەنگ لای کۆمەڵێك زەڕینی کەرە، کەچی زەڕینی کەری ناو گەورەکانم لەقیژەو هاتوهاوارە بێماناکانی مەلا پێ خۆشترە. بەڵام چۆن ئەم وشانە بەیەکەوە بنوسم و کەسیش پێم نەڵێت تۆ سوکایەتیت کردووەو زمانت زبرەو بازاڕی نوسیوتەو دەربڕینەکانت ئەکادیمی نین.!! ئەوەی لەکوردستانەدا بەژنان کراوە لەمێژوودا تەنها بەکۆیلەکان کراوە, بۆیە هیچ کاتێك ئامادەنیم بەدڵی ئیسلامگەراکان بنوسم.

ئیبراهیم عەباس: ئیسلامییەکان دەیانگوت بۆ خاریج ئەم کتێبەت نوسیوە, پێشتر ئەزموونی نووسینی وەك ئەم کتێبەت هەبووە تا ڕەخنەکەیان پوچەڵ بکەیتەوە.؟

مەریوان هەڵەبجەیی: ئەزموونەکانی پێشووترم کەم نین. چەند کتێبێکی ترم بەناوی خوازراوەوە بڵاوکردووەتەوە. ڕەنگە ئەم کەناڵەی ئێوە یەکەمجار بێت بەڕەسمی ڕایبگەیەنم (کتێبی خوێننامە، لەنوسینی زەردەشتی، کەئیسلامگەراکانی تەریق کردەوەو هەموو مێژوویانی هێنایە بەرپرسیار، من نوسیومە، منی هەڵەبجەیی. بۆ مەرامی تایبەتیان ساڵانێك گەڕان بەشوێن نوسەرەکەیداو نەیانزانی کێ نوسیوێتی, کاتێك زانییان لەبەر دەستیاندا نەبووم. لەماوەی ئاییندەدا بەسەریدا دەچمەوەو بەناوی خۆمەوە بڵاوی دەکەمەوە. کتێبەکانی تریشم بەهەمان شێوە. وەك (دەروازەکانی ئایین لەنێوان زەوی و ئاسماندا)، (خورافە لەکۆمەڵگەکاندا)، (خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ ئیسلام/وەرگێڕانە)..تاد.

ئیبراهیم عەباس: نوسین و ڕەخنەگرتن لەبواری دیندا، واتە ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ چارەنوسێکی خەتەردا، بەو مانایەی کە کوشتنی بەدواوە بێت، بەتایبەت مەسەلەی ژنان، ئەوە دەهێنێت.؟؟
مەریوان هەڵەبجەیی: هەر کەسێک بەهای ئینسانییەتی لەلا هەبوو، گەر لەو زوڵم و زۆرە بێمانایە تێگەیشت کە ئیسلام دەرهەق بەژنی دەکات، گەر لە ماناکانی خۆشەویستی بزانێت، لەمن زیاتری پێ نەکرێت کەمتر ناکات.
ئیبراهیم عەباس: پێش نووسینی ئەم کتێبە چۆن لەئایینی ئیسلام ڕادەمای، ئایا پێشووتر پابەندبوونی ئایینیت هەبووە؟ ئایا لەم کەونەدا باوەڕت بەچی هەیە؟
مەریوان هەڵەبجەیی: لەژیانمدا نەبوومەتە لایەنگری حزبی ئیسلامی, بەڵام لەمنداڵیمدا تا کاتەکانی گەورەییم من موسڵمان بووم. وەك هەر منداڵێکی دیکە کۆمەڵێك وەعزو چیرۆکی ترسێنەرو باسی عەزابی قەبرو دۆزەخم بیستبوو، نەمدەوێرا بەئەندازەی تاڵە موویەك بیر لەئیسلام و خوداکەی بکەمەوە، واترساندبومیان پێم وابوو نەك هەر ڕەخنە بەڵکو تەنها ئەگەر بیر لەپرسیاریش بکەمەوە دووچاری گەورەترین سزای ئیلاهی دەبم. جارجاریش نوێژم دەکرد. تا گەورەدەبووم زیاتر دەترسام، چونکە هەرەشە ترسئامێزەکانیان لەگەڵ پەروەردەمدا قەبە دەبوون و لەگەڵ گەورەبوونمدا سامیان زیاتر دەبوو. لەبارەی بەهەشتەوە کەمم دەزانی, بەڵام دەربارەی دۆزوخ دەمزانی کەمارو دووپشکی گۆڕی تەسك و ئاگرە قووڵەکەی ئەمدیوی پردی سیرات و قورقوشمەتواوەکەی ناو جەهەننەم زۆر لەوە بەسوێترو کاریگەرترن کە من بیر لەخۆم و لەژیان بکەمەوە. گەر زەرقاوییەکانی ئەم سەردەمە منیان بناسیبایە زۆر بەئاسانی دەیانتەقاندمەوەو لەگەڵ مردنمدا دەیان بێوەژن و سەدان هەتیوم بۆ ئەم حوکمەتە جێدەهێشت. جاروبارێکیش بانگم داوەو پێشنوێژیم کردووەو پرسیاری شەرعییان لێکردووم و وەڵامەکەمیان بەهەند وەرگرتووە. ئەوکاتانە کوڕێکی زۆر چاك بووم. دوای نوسینی ئەم کتێبەم بەقودرەتی قادر بوومە دزو نەخوندەوارو هیچنەزان. بێئاگا لەوەی خەڵك و خوێنەر زۆر لەوە هوشیارترن کەبێ بەڵگە گوێبیستی تۆمەت نابن. لەم کەونەدا باوەڕت بەچی هەیە؟ ئەمە پرسیارێکی شەخسییەو تەنها ئەوەندە دەڵێم باوەڕم بەهەر شتێك هەبێت باوەڕم بەوە نییە کەئیسلام ئایینێکی سەماوی بێت. ئەمە لای من براوەتەوە. گەر دەتەوێت لەم بابەتە زۆر بڵێین حەز دەکەم خوێنەر بڕوانێتە کتێبی (دەروازەکانی ئایین لەنێوان زەوی و ئاسماندا). بەرگی یەکەم، لەساڵی 2001 چاپم کردووە.

ئیبراهیم عەباس: ئەی چی ئەو دیدیە ڕەخنیەیەی بۆ ئیسلام بۆ خولڨاندنی؟ خوێندنەوە، یان ڕەفتاری خەڵکی موسڵمانی دەوروبەرت؟
مەریوان هەڵەبجەیی: هەردووکیان بەڵام ئیسلامگەراکان زیاتر. هەندێک ڵرسیار هەن کەڵێگەی مرۆڤایەتی و لۆژیکی سەردەم توانای وەڵامدانەوەیان نییە، لەوانە فەلسەفەی ئلوهییەت کەدوورە لەڕوانگە فیزیکییەکانەوەو ڵەیوەندییەکی تایبەتی ئینسان و ئەودیو سروشتە. ڕەهەندەکانی ئەم ڵرسیارانە واقعێکێکی وای بۆ ئایین دروست کردووە کەشوێنکەوتوانی زۆر بێت و ئینسانەکان نەتوانن واز لە بوارە دەروونییەکەی خۆیان و دونیا میتافیزیکییەکەی بهێنن. بەڵام ئیسلامگەراکان ئەم هێما ڕۆحییەیان کوشت. ئەو ڕستە سوواوانەی کەلەڕێی مەلاوە بەتێور دەمانبیست، لەئەرزی واقیعدا بەفیعلی نەماندەدی، بۆ نموونە لەتەشتی جل شتندا ئینسانیان سەربڕیوەو هەزارانی وەک شێخ زانایان بەرهەم هێناوە. جاران زۆر هەوڵمانداوە کەکۆمەڵگا لەم ڕەوشەی ئیسلامگەرا ئاگادار بکەینەوە، ڵێیان بڵێین کە ئیسلامگەراکان لەڵشت تەقینەوەکانن، ئەوانن لەکردەی تیرۆرکردندا ڵشکی شێریان بەرکەوتووە، تاباوەڕیان ڵێکردین قوربانی زۆرمان دا، بەدەیان نوسەرو ئازادیخوازمان لێ تیرۆر کرا. دیارە ڕەفتارەکانیان بۆ قسەکانمان باشترین دۆکۆمێنت بوون. ئێستاش لەهەمان ڕێچکەداین بەڵام لەجێی ئەوەی بڵێین ئیسلامگەرا دەڵێین خودی یاساکانی ئیسلام لەڵشت ئەم هەموو کوشتنوبڕەوەن. ئەمەش قسەی زۆری لەسەرە .

ئیبراهیم عەباس: بەپێچەوانەی مەزندەکان، پشتکردنی بەرپرسە سیاسییەکان لەخەڵکی، زەمینەی ڕێوڕەسمە ئایینەکانی زیندو کردۆتەوەو وەکو دەگوترێت لایەنگری بۆ حیزبە ئیسلامییەکان دروستکردووە، ئایا تۆ ئاگاداری ئەمەی؟
مەریوان هەڵەبجەیی: زۆر گرنگە بزانین کە ماناکانی دین تەنها لەنوێژو هەڵگرتنی شمشێرو تەقینەوەی تی ئێن تیدا نییە. سەرکوتکردن, لەقاڵبدانی تواناکان, بەستنەوەی کۆمەڵگە بەکۆنەپەرستییەوە, پەنابردن بۆ چیرۆکە خورافییەکان, بێئیرادەیی, دۆگمای ئەقڵ، ئەتککردن و بەسووك تەماشاکردنی ژنان, سیستمی پەروەردەکردنی ئایینی لە قوتابخانەکاندا, تیرۆر و تۆقاندنی حزب و دین, ڕاوەدونانی نوسەران و هونەرمەندان و دواتر تیرۆرکردنیان..تاد, بەشێکی گرنگن لەپێکهاتەکانی هەردوولا. هەبوونی گروپی ئیسلامی لەکۆمەڵگەکەماندا, واتە تیرۆرکردنی سەرەتاییانەی سەرهەڵدانی فکری مەعریفەی کوردی و تیرۆرکردنی بنەما سەرەتاییەکانی دیموکراتی. دەتوانین ئەم پێناسەیە بەسەر حزبەکانیشدا شۆڕ بکەینەوە، چونکە تۆتالیتارەکانیش ڕێگرن کۆمەڵگەیەکی زانستی و ئازاد دروست ببێت. حزبە ئیسلامییەکانی ئێستای کوردستان، چەکدار بن یان..نا، بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی عەلمانی پێشکەوتووخواز, لەرێکخراوی قاعیدە ترسناکترن. دەسەڵات ئەمە بزانێت و مزگەوتیش دروست بکات.! بەڕاستی ئەم حاڵەتە بۆ باسکردن قورسە و بەداخێکی زۆرەوە میتۆدی کوردی لەسەر ئەم چەمکە کار ناکات.

ئیبراهیم عەباس: گریمانەی ئەوە دەکرێت ئەگەر یەکێتی و پارتی بەخۆیاندا نەچنەوە، حیزبە ئیسلامییەکان لەداهاتوودا دەبنە جێگرەوەیان، بەڕاست پێتوایە ئەمە ڕووبدات؟

من لەسەرەتای کتێبەکەمدا بەدرێژی باسم لەوەکردووە کەسەرباری جیاوازی ژیانی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی, ئایدۆلۆژی, شارستانی, ئابووری و فەرهەنگی..تاد لە کوردستاندا, کوشتوبڕی ئایینی ساڵی نەوەدەکان بەدواوە زۆر لەوە زیاترە کەلەهەشتاکاندا روویانداوە. لە هەشتاکاندا هێزی ئاشکراو جبەخانەی گروپی ئاشکرای ئیسلامگەرا نەبوو, بەم هۆیەوە چەوساندنەوەی ئایینیش لە کزیدابوو. لە نەوەدەکان بەدواوە چەندان رێکخراوی ئیسلامی تیرۆرست لە کوردستاندا بە فەرمی ناسران و ئەوانیش لەشکر و جبەخانەی ئاشکرایان پێکەوەناوە, ئەنجامیش کوشتنی ئاشکراو تیرۆرو چەوساندنەوەی ئایینی زیاتری بەرپاکرد. لە هەشتاکاندا ئافرەتان ئیهانەو ئەتك و تیرۆر و کوشتوبڕ کراون, بەڵام رێژەیان, لە نەوەدەکان بەدواوە, بوو بەرووباری خوێن. حزبە نادیموکراتییەکانیش مایەی گومانن. لێرەوە کارەکانی دەسەڵاتی سیاسی دەستپێدەکات و بەدیفاعکردن لەدین بەرگرییەکی ناڕاستەوخۆ لەپێگەی دەسەڵاتی خۆی دەکات. بەشداری ڕێوڕەسمە ئایینیەکان دەکات و هەردوولایان خیتابی دینی و خیتابێ ئایدۆلۆژی دەکەنە دوو پێکهاتەی لێکدانەبڕاوو لەزۆر دەروازەیدا یەکدەگرنەوە. مێژووی کوردستان لەبەرچاوەو ئەوە دەزانین کەشەڕی ئیسلامگەراکان تەنها بۆ دین نەبووە، شەڕی سیاسەت و پێکدادانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگاش بووە, لێکدابڕانی ژیان بووە لەئازادی. مەحاڵە کۆمەڵگە لەژێر تاریکی و پریشکی واقیعە تاڵەکانی ڕابردوویدا بتوانێت سنوور ببەزێنێت و لەیاساو دەستوورە کۆنپارێزەکان و نادیموکراتییەکاندا دەرباز ببێت. ئێمە پێویستیمان بەخوێندنەوەیەکی دیکە بۆ پراکتیزەکردنی دیموکراتییەتی کۆمەڵگەکان هەیە. چەمکی دیموکراتی, بەو وێنەیەی کە ئێستا هەیە, ترسناکەو تەنهاو تەنها لەخزمەت تۆتالیتارو ئیسلامگەراکاندایە. لەکاتی لاوازیاندا دیموکراتییەت باشترین وەسیلەیە بۆ گەشەکردنیان, لەدەسەڵاتیشیاندا چەمکەکە دەخرێتە ژێر حوکمی ئایەت و دروشمە حزبییەکانەوە. من وایدەبینم ئەو بارودۆخە ناهەموارەی لەمێژووی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئێستای ناوچەکەماندا هەیە ئاگادارمان دەکاتەوە کە کۆمەڵگەکەمان لەجێی دروستکردنی قوتابخانە پێویستی بە رووخاندنی مزگەتەکان هەیە. لەجێی چاپکردنی بیروتێزی زیاتر پێویستی بە سوتاندنی پەراوە کۆنەکان هەیە. پێویستی بە رێکخراوی رۆشنبیری و هونەری زیاتر نییە بەڵکو پێویستی بە چەندین شێتخانە هەیە تا ئەوانەی بەئافرەتان دەڵێن: وەرن بەئارەزووی ئێمەی پیاو پۆشاك بپۆشن, بڕوایان بەتیرۆرو داسەپاندن و ژنکوژی و چەوساندنەوە و خورافەو تیرۆر هەیە، لەو شێتخانەیەدا چارەسەر بکرێن. پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردی پێکهاتەیەکی خێڵەکین و دوای دروشم کەوتون, سیاسییەکانیش لەم پێگەیەدا زیرەکانە ئیستغلالی ئەمەیان کردووە. تا ئێستاشی لەگەڵ بێت پێگەی کوردی نەگوتارێکی ئایدۆلۆژی هەبووەو نەلەچەمکەکانی نەتەوەو ئایینیش تێگەیشتووە. خەمی ئەوەمان نەبێت کە حیزبە ئیسلامییەکان لەداهاتوودا دەبنە جێگرەوەی عەلمانییەکان, بەڵآ کەهێشتا زۆرمان ماوە ببینە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی, بەڵام ڕێکخراوە مەدەنی و پیشەیی و دیموکراتییەکانمان لەبیرنەچێت کەلە ئێستادا بەهەر شکڵێك بێت وجودیان هەیە و کۆڵەکەی دروستبوونی کۆمەڵگا مەدەنییەکانن.